**7-ريزان حمه رشيد كريم**

**8-نهرۆ سليم حنا**

**9-سياح عبدالله قاسم**

**دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە2014/12/3 ەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامە فەرمیی (وەقایعی کوردستان)یشدا بڵاودەکرێتەوە.**

**يوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**
**ژمارەی فەرمان :** ( 7 )
**ڕۆژی دەرچوونی :** 2014/12/10

**فەرمان**
**ژمارە** ( 7 )**ی ساڵی** 2014

**پشت بە بڕیاری ژمارە (9)ی دەرچووی ڕۆژی 2014/6/16ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، ئەم ئەندامانەی خوارەوە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئەم ئەرك و فەرمانانە دەگرنە ئەستۆ کە بەرامبەر هەریەکەیان دیاری کراوە تا هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەکان دەکرێت بەپێی حوکمی بڕگە(3) لە ماددەی (39)ی پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمان:-**

**1- لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم:**

**عبدالرحمن فارس عبدالرحمن سەرۆکی تەمەن**

**2- لیژنەی کاروباری پەرلەمان:**

عباس غزالی میرخان                    سەرۆکی تەمەن

3- لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی:

تحسين اسماعيل احمد                    سەرۆکی تەمەن

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە ( 11 ) ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (13)ی ساڵی 2007، بریارماندا بە : -

1- کردنەوەی هۆبەی پێراگەیاندن لە فەرمانگەی دادنوسی یەکەم لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی ، دهۆك) .

2- کردنەوەی هۆبەی پێراگەیاندن لە بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی ناوەندی لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی ، دهۆك) .

**سنان چلبی**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە ( 8 ) ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی چوارەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (6)ی ساڵی 2009 ، بریارماندا بە : -

- گۆرینی ناوی گوندی ( بارەپانە ) بۆ (شۆرش) .
- ئەم بەیانە جێ بەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە رێکەوتی 2014/11/26 .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**